کاربەدەستانی کەریای باشوور بڕیاریان دا کۆنتین و چاودێری لە بندەرەکانی چوونە ژوورەوە بۆ ئەو وڵاتە چڕتر بکەن

کاربەدەستانی کەریای باشوور دوێنێ هەینی بڕیاریان دا کۆنتین و چاودێری لە بندەرەکانی چوونە ژوورەوە بۆ ئەو وڵاتە چڕتر بکەنەوە، ئەمەش دوای ئەوەی ڕەکخراوی تەندروستی جیهانی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی "ئاوڵەی مەیمون" لە ئەفریقا وەک حاڵەتێکی لەناکاوی تەندروستی گشتی لە جیهاندا ڕاگەیاند.

ئاژانسی کۆنتڕۆڵکردن و پێشگیریکردن لە نەخۆشیەکانی کەریای باشوور ئەم بڕیارەی ڕاگەیاند پاش کۆبوونەوەیەک لەگەڵ پسپۆڕانی پزیشکی و ئەکادیمی بۆ تاوتوێکردنی ئاگرێی هاتنە ناوەوەی نەخۆشی ئاوڵەی مەیمون و ستراتیجیەکانی وەڵامدانەوەی ئەو نەخۆشیە.

بەرپرسانی ئاژانسەکە و پسپۆڕان جەختیان لەوە کردووەتەوە کە دەخی ئێستای نەخۆشی ئاوڵەی مەیمون لە کەریای باشوور لەژێر کۆنتڕۆڵدایە بەپێی پرۆتەکۆلەکانی ئێستا، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاریان دا کۆنتین و چاودێری تووندتر بکەن بۆ دووبارە ڕاوکردنەوەی هەشداری قێرانەکە کە لە مانگی ئایاری ڕابردووەوە هەڵگیراوە.